
# پێخەفی حەز ... عومەر کەریم بەرزنجی



"لێوەکانم تامەزرۆی مژینی لێوە تەڕوو ناسکەکانت بوون، تۆیش سەرمەستی نێو پێخەفی پڕلە حەزوو بڵێسەی ئاگری شەهوەت، من و تۆ لە دوو ماری عاشقەو ماشقە دەچووین، لێوەکانت کانیەك بوون تینوێتی لێوەکانمیان دەشکاند، بیرتە شەوان ئاوێزانی رۆحم دەبوویت ئاوێزانی رۆحت دەبووم، وەلی گوڵم ئێستا لەنێو بیابانی تەنهایدا لەسەر سنگی لمی داخبووی ئەم قەدەرە بۆ شوێنپێیەك دەگەڕێم شوێن پێیەك بمباتەوە سەر رێگاکانی خۆشبەختی، نێو کوخەکانی بەختەوەری". بەم جۆرە کۆتایی بەو نامەیە هێنابوو"شەوێك لە شەوەکانی پایز شوێنی نووسینی نامە ژێر درەختێکی قژتەزیوی، باخچەکانی نائومێدی بەروار". بەرواری نووسینی نامەکە نەدەخوێنرایەوە پێدەچوو چەند دڵۆپە فرمێسکێك بەروارەکەیان شێواندبێت، چاوی بەئەرشیفی نامەکانیدا گێڕا، پەپولەی نیگای لەسەر یەکێك لە نامەکان گیرسایەوە"دڵە کەم زۆر تامەزرۆی ئەو بەیتە شیعرەی خەیام بووم کە لە نامەکەی پێشووتا بۆت نووسیبووم:

*مەیگێڕ بەسەرت پردی سیڕاتیش کەڵەکە
سەیرانی بەهەشت سەیری دووچاوی بەڵەکە

وەلی ئێستا واهەستەکەم عەشق درۆیەکی جوانەو یەکتری پی فریودەدەین، لێرە عەشق بەشەڕهاتنە لەگەلڕ بتەکانی پەرستگاکانی نیشتیماندا". تەواوی نامەکەی بۆ نەخوێندرایەوە، لوولی کردوو لە سووچێکی ژوورەکەیدا فڕێی دا، بەدەم قوڵپی گریانەوە، کەوتە خوێندنەوەی دوانامە"رەنگە پێم بڵێی دڵبەرێکی شێت وەختێك لە سەرەتای نامەکەما بۆت ئەنووسم دوانامە، دەزانم دەپرسیت بۆ دوانامە، وەلی پاشان تێدەگەیت بۆ، بیرتە پێت دەوتم کچی ئەڵێی بڵێسەی ئاگری، سووتان بۆ ستیان ئەی ئەگەر خاوەنی ستیانەکە بوو بە بڵێسەیەك و دێڕ بەدێڕی نامەکانی خۆشبەختی ژیانی سووتان ئەوسا چی!!!؟؟؟. ". لێوێك هەڵئەوەری، تارایەکی سپی لەژێر هەڵوەرینی گەڵای زیوینی درەختی نێو حەوشەکەدا ڕەش دەبێت تارایەکی ڕەش، بایەك پەنجەرەی ژوورەکە والا دەکات نامەکان تێکەلڕ دەبن لەبەر خۆیەوە دەڵێت: ئەمشەو کەون لە مەیتخانەیەك دەچێت، خودا بۆخۆی مەیت شۆرەو کفن دوور.

*

بەیتە شیعرێکی خەیامی شاعیرە لە وەرگێڕانی مامۆستا هەژاری موکریانی.